# دواین هەواڵ

دواین هەواڵ دەربارەی گەشتی نوێ نەرانی وڵاتی نەرویج بۆ هەرێمی کوردستان ئەمرۆ چەند کەسیایەتیەکی باڵای دەسەڵاتی نەرویج گەیشتنە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ کاربەدەستانی هەرێم کۆبوونەوە .

چەند رۆژێک لەمەو بەر پێمان راگەیاندن لە ئایندەیەکی نزیکدا نوێنەرانی وڵاتی نەرویج سەردانی هەرێم ئەکەن بۆ تاو تێکردنی کێشەی پەنابەران . هەموو لایەك ئەو راستیە ئەزانین کە ئێستا کوردان بە پلەی چوارم ئەژمار ئەکرێت لە ریز بەندی بیگانە لەم وڵاتەدا بێ گومان بەسەدان کێشەی جیاواز لە نێوان پەنابەران و دەسەلاتی نەرویجدا هیە بەتایبەتی کێشەی سەرکەی ناداری باری کەسایەتی و ناس نامە ئەوە گرفتی هەرە گەورەیە بۆ یەك لای نەکردنەوەی کیشەکان هەروەها چەندین کیشەی تر بەهەڵ پەسێردراوی ماونەتەوە .



لایەنی پەیوەندی دار پێ راگەیاندین کاری فۆرمەکان ماوەی چەند رۆژێکە تەواو کراون و ئامادەن بۆ ناردنەوە . هەر لەمیانەی پەیوەندیەکاندا ئەوەشیان بۆ روون کردینەوە چەند کەسێک هەڵەی هەبوو لە کاتی پرکردنەوەی فۆرمەکاندا ئێمە هەوڵمان داوە راستی و دروستی ئەوانیش پەیدا بکەین تاکو هیچ کەسێک بێ بەش نەبێت لە مافی پەنابەری .

هەر ئەمرۆ لەو دیدارەی نیوان نوینەرانی نەرویج و هەرێمدا فۆرمەکانیان رادەستی وەزارەتی داد کراوە . بەڵێنیش وابوو دەستا و دەست فۆرمەکان ئاڵ و گۆری پێ بکرێت نەوەك لە رێگای رێکخرا و لایەنەی نادیاروە .

هاوریانی موف تاکو نوسینی ئەم هەواڵە تەنها ئەوەندە زانیاریەمان بەدەست گەیشتوە بەڵام بەردەوام هەوڵ ئەدەین ئاگادارتان بکەینەوە لە هەواڵی نوێ .

موف کۆمیتە 27.03.2011